کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

# مەنشوری مافەکانی بێکاران

شەبەکەی ئەوروپایی بێکاران

**١ـ ئیمە خوازیاری بەیمانێکی ئابوری و سیاسین بۆ کار پێکردنی تەواو کەمال .**

أـ تەواوی ئەو دەولەتانەی کە پەیمانی ( روما ) یان ئیمزا کردووە دەبی مادەی ( ١٢٠ ) ی پەیمانەکە جێ بەجێ بکەن بەپێی ئەم مادەیە ئەرکیانە لەهەنگاوە ئابوریەکان کەڵك وەرگرن و کارکردنی تەواو کەمال بەجێ بگەیەنن .

بـ رێکخستنەوەی ئابوری یاخود کومپانیەکان دەبێ لەگەڵ نیوکردنەوەی چالاکی کرێکاران و پەیداکردنی کاری دیکە هاوکات بێ . ئەم جـــــــۆرە سیاسەت دارشتانە دەبێ بە بەشداری کرێکاران و رێکخراوەکانیان بـــکرێ .

**٢ـ ئیمە خوازیاری دابەشکردنی عادیلانەی کار ، خوێنـــــدن ، حەسانەوەین .**

أـ سەعات کاری هەفتانە دەبێ بە بەردەوامی و بۆ تەواوی کرێکاران لە کەم بوونەوە دابێت ، ئەم کارە نابێت ببێتەهۆی کەم بوونەوەی دەرامەتـــی کرێکاران ، یان دابەزینی کرێکانیان یاخود ببێتە هۆی زیاتـر بوونـــی قازانجی کـــار .

بـ ئیمە داوا دەکەین کە زێدەکاری سیستماتیك ، دوو جۆر کارپێکردن ئابوری شاراوە ( ئابوری ناقانونی ـ وەرگیری نارمی ) کۆتایی پێ بێن .

هەواڵنامەی کتێب

جـ ـ دەبێ ماوەی پشووی ساڵانە زیاد بکرێ ·

د ـ کرێکاران بەدرێژایی ماوەی کارکردنیان دەبێ ساڵانێکی کەمتر کاربکەن ·

هـ ـ تەمەنی خانەنشین بوون دەبێ کەم بکرێتەوە · کرێکارانی خانەنشین دەبێ کرێی تەواویان بۆ پاراستنی ئاستی گوزەرانیان ، پێ بدرێ ·

و ـ کرێکارانی نیوەکار و ئەوانەی لە ماڵەوە کار دەکەن ، دەبێ لە پارێزگاری کامل ، پشووی گونجاو ، حەقی نەخۆشی و مەزایەکانی تر بەهرەمەند بن ·

ی ـ دەبێ ئەو کەڵک و سوودانەی لەبەکارهێنانی تەکنولوژیای نوێ وە بەدەست دێ ، تەنها نەڕژێتە گیرفانی خاوەن کارانەوە و بۆ پەیداکردنی کار بەکار ببرێ ·

<u>٣ ـ ئێمە خوازیاری دۆزینەوەی کاری نوێین بۆ بەرهەم هێنانی کارەکان و ئەو خزمەتانەی کە پێداویستی کۆمەڵن ·</u>

أ ـ دەبێ کارکردن لە مەیدانی پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان لەوانە ، سازکردنی خانوو ، پاراستنی ژینگە ، بەرهەم هێنانی ئەو وزانەی کە دەبێتەوە بە وزە ، بارکردن و گواستنەوە ، چاودێری منالان و بەساڵاچووان ، زیاد ببێت ·

ب ـ سیاسەتەکانی پەیداکردنی کار دەبێ پێویستیەکانی خەڵکی وڵاتانی کەمتر گەشە کردوو لە نەزەر بگرێ و ئابووری ئەوان ئیستعمار نەکات ،

ج ــ دەبێ پرۆژەکانی کارکردنی هەرەوەزی و محەلی مافی بەکارگرتنی (استخدام) هەبێ و بە شێوەکانی لە پارێزگاری و سەرچاوەکانی دارایی بەهرەمەند بن .

**٤ ــ ئێمە خوازیاری ئەوەین کە تەواوی کارە بەکەڵك و واقعی یەکان بۆ هەموان بن .**

أ ــ سودمەندی کومەلایەتی هەر کاریك دەبێ لە رووی باکەلك بوونی بەرووبوومی کوتایی و شێوەکانی بەرهەم هێنان و هەل و مەرجی کارەوە ، دیاری بکری .

ب ــ دەبێ لانی کەمێکی قانونی رادەی کرێ لە هەر وولاتیاندا دیاری بکرێ . ئەم رادەی کرێیە نابێت لەسێ لەسەرچواری تیکرای هەقدەستی سەراسەری کەمتر بێت .

ج ــ دەبێ پەیمانەکانی کارپێکردنی کورت ماوە تەنها لەهەل و مەرجی ناچاریدا کەلکی لێ وەربگیرێ ، دەبێت قانوون پارێزگاری ئەو کرێکارانە بکات کە بەپێی ئەم پەیمانە بەکار دەگیرێن .

د ــ دەبێ کونترولێکی دیموکراتیکی زیاتر بەسەر پیشەسازیەکاندا بەرێوەبەری و دەبێ کرێکاران و خەلکی محەلی لە بریارەکاندا بەشداریان هەبێ .

هـ بە مەبەستی ئەراهەم هێنانی سەرچاوەی تەئمین کردنی خزمەتگوزاریە کومەلایەتیەکان دەبێ لە بودجەی چەکداربوون کەم کرێتەوە و باج لەسەر سەرمایە زیاتر بکرێ .

و ــ دەبێ کرێکارانێك کە ڕوو بەڕووی بێ کاربوونن ، لــە پارێزگــاری قانوون ، لە وانەش مافی نوێنەرایەتی کردن لە ڕێگەی یەکێتی یەکانیانەوە ، بــەهرەمەند بــن ٠

ه ــ ئێمە خوازیاری دەرامەتێکی تیروتەسەلین بۆ هەموان ٠

أ ــ هەر وولاتێك دەبێ لانی کەمی دەرامەتێکی سەربەخۆ بۆ هەموکەس زەمانەت بکات ، بڕی ئەم دەرامەتە دەبێت بەوڕادەیە بێت کە ئینسان توانــای بەشداری تەواوی لە کۆمەڵدا هەبێ و ڕێگە لە مل دانیان بــە ئــابــووری ناڕاوە بگرێــت ٠

ب ــ دەبێ مەزایا وەکــو مافێك تەعیین بکرێ ، نابێ بۆ کۆنترۆل کردنی بازاری کار لە پەیوەند بە حەق دەست و هەل و مەرجی کارەوە ، خــراپ کەلکی لێ وەربگیرێ ؛

ج ــ وەسائیل (وشێوەکان ـ و. ف) ی کۆنترۆلی ئەو کەسانەی کــــە خوازیاری وەرگرتنی یارمەتی بە خەرجی یە کۆمەڵایەتی یەکانن دەبــــێ هــەڵوەشێتــەوە ٠

د ــ دەبێ ئەوانەی داوای یارمەتی خەرجی (کمك هزینە) دەکــەن مافی ئاگاداری تەواو کەمالیان لەو کرێیە هەبێ کە پەیوەندی پێ یانـــەوە هەیە وە لەوانە ئەو پەروەندە (ملف) یەی کە پەیوەندی بە داواکاریەکەیانەوە هــەیــە ٠

ه ــ دەبێ لەهەموو وولاتێك دا سیستەمێکی (ریفاهی) ئەوتۆ هەبێ کە توانای دەست پێ ڕاگەیشتنی هەبێ ، سیستەمێکی واکە ڕێز بۆ ئەوانەی داوای دەکــەن ؛

هەواڵنامەی کێب

دابنێ ، لە وانەی سیستمێك كەبە خێرایی و سەربەخۆ بەڕێوە بچێ .

و ــ كارمەندانێك كە بە سەرۆكاری داواكاریە خۆشگوزەرانیەكانـــەوە دەچن دەبێ فێركردنێكی تەواویان ببینێت و لە پارێزگاریش بەهرەمەند بن .

<u>٦ ــ ئێمە داوادەكەین هەڵاواردن لەدانی یارمەتی بە خۆشگوزەرانی ــ یەكان و دەست ڕاگەیشتن بە كاركردن و پێشكەوتن ، كۆتایی پێ بێ .</u>

أ ــ ئێمە خوازیاری ئەوەین هەڵاواردن لەسەر بنەمای نەژاد ، فەرهەنگ ، میللەت ، جنس ، ئاین ، تەمەن ، مەیلی جنسیەكان ، نەخۆشبـــوون ، ماوەی بێكاری ، پێشینەی سیاسی قەدەغەبكرێت .

ب ــ دەبێ سیستمی خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی پێداویستـــی بــە تایبەتی یەكانی دەستە فەرهەنگی یە جیاوازەكان بەرەسمی بناسێت .

ج ــ بەكارگرتنی هەركەسێكی تازە دەبێ بە دەخالەتی ڕێكخـــراوە مەحەلی یەكان ، یەكێتی یە كرێكارەكان و ڕێكخراوەكانی بێ كاران ، بەمەبەستی كۆتایی هێنان بە هەڵاواردن ، ئەنجام بدرێ .

د ــ كرێكارانی میللەتێك كەلە وڵاتێكی تردا كاردەكەن ، دەبێ لـــە مافی كۆمەڵایەتی تەواو بەهرەمەندبن و بەپێی هەل و مەرجی بـــازاڕی كاری ئەو وڵاتانە كار بكەن .

هـ ــ نەخۆشەكان دەبێ مافی ، نەك بەزۆر ، كاركردنیان هەبێت .

<u>٧ ــ ئێمە خوازیارین دەورەی فێركردن / دوبارە فێركردن ، بە نەوعیە ــ تێكی باش و قابیلی دەست ڕاگەیشتن ، بۆ كرێكارانی بێ كار و لەسەركار بەدانی كرێی تەواوە بەڕێوەبچێت .</u>

أ ـ ناوەرۆکی ئەم دەورانەی فێرکردن / دووبارە فێرکردنانە دەبێ بەپێی پێویستیەکانی ئەوانە بێ کە فێری کارکردن دەبن زۆرسەتەواقعی یەکانی کارپێکردنی زەمانەت بکا .

ب ـ ناوەرۆکی ئەم دەورانەی فێرکردن / دووبارە فێرکردن دەبێت پێداویستی یەکانی گروپی تەمەن و کۆمەلایەتی جیاوازی تیدا بێت بەتایبەتی ئەو ژنانەی خوازیاری گەرانەوەن بۆ سەرکار . دەورەکانی فێرکردن / دووبارەفێرکردن دەبێ ئەم گروپە کۆمەلایەتیانە دەستیان پێ رابگات .

ج ـ دەبێ دەورەکانی فێرکردن / دووبارە فێرکردن بە بڕوانامەی واقعی و بایەخدار تەواو ببێ .

د ـ نابێت هیچ کەسێك لە ترسی کەم بونەوەی دەرامەتی ناچار بە بەشداری کردن لە دەورەکانی فێرکردندا ببێت .

هـ ـ دەورەکانی فێرکردن / دوبارە فێرکردن دەبێ سەرەرای فێربوونی پیشە ، گەشە و هەولدانی ئەو کەسەشی تیدابێت .

و ـ فێرکردن / دوبارە فێرکردنی کرێکارانی لەسەرکار و بێ کاران دەبێ لە سیستمێکی فێرکردنی فراوان و بەرینتردا لیاك هەلپێکرێ .

## ٨ ـ ئێمە خوازیاری ئیمکاناتین بۆ رێکخراوەکانی بێکاران .

أ ـ ماف و ئارەزووی بێ کاران بۆ رێکخستنی خۆیان بە هاوکاری کرێکارانی لەسەرکار بەمەبەستی ئال وگۆری لە وەزعی خۆیاندا ، دەبێ رێزی لێ بگیرێ .

هەولنامەی کتێب

ب ـ ریکخراوەی بێکاران دەبێ مافی نوینەرایەتی کردنی بێکارانیان هەبیت چ لە قانون وچ لە کاردا ، لەهەر شوینیك کە بریار لەسەر بەرژەوەندیەکانیان دەدریت .

ج ـ دەبێ ریکخراوەکانی بێکاران بەو سەرچاوەو ئیمکاناتە پیویستیانە دەستیان رابگات کە بۆ هەنگاونانی گشتی بە مەبەستی خستنە رووی داهینانی نوێ بۆ کارکردن ، ئال وگۆری زانیاری و هەلسورانەکانی تر پیویستە .

د ـ ئیمکاناتی دارایی بۆ ریکخراوەکانی بیکاران دەبێ لە گەل ریزگرتن لە سەربەخۆیی یان و بەرپرس بوونیان وەك قسەکەریکی تەواوی بێکاران ، هاوکات بێ و هەروەها نابێ هیچ تەنگە بەریەکیش بۆ ئەم ریکخراوانە پیك بهێنێ .

٩ ـ ئیمە خوازیاری ئەوەین کە کریکارانی لەسەر کارو ریکخراوەکانیان لەگەل بێکاران و ریکخراوەکانیان لێ پرسراویتی خویان لە بەرامبەر یەکتردا قبوول بکەن .

أ ـ بێکاران دەبێ مافی دەست راگەیشتنیان بەهەر ریکخراوێکی کومەلایەتی ، سیاسی و هەر یەکیتی یەك ، لەهەل و مەرجیکی یەکسان لەگەل کریکارانی لەسەر کاردا ، هەبێ .

ب ـ ریکخراوەکانی بێکاران دەبێ پشتیوانی مادی ، مەعنەوی، دارایی یان لەلایەن بەشیکی بەرین و فراوان لە ریکخراوەکانەوە ، بە تایبەت یەکیتی یە کریکاریەکانەوە لێ بکریت .

شەبەکەی ئەورووپایی بێکاران

هەواڵنامەی کتێب

* ڕوونکردنەوەی وەرگێڕی فارسی :

وەرگێڕدراوی فارسی ( مەنشووری مافەکانی بێکاران ) لەدەقە ئینگلیزی ـ یەکەوە ، کەلەلایەن شەبەکەی ئەورووپایی بێکارانەوە بلاوکراوەتەوە ، وەرگێڕاوەو لەگەڵ دەقە ئینگلیزیەکەیدا جووتە . لە وەرگێڕدراوی دەقـە فارسیەکەدا بەندی ( ٦ ـ ا ) تەرکیبی ( پێشینەی سیاسی ) خراوەتە سەردەقە ئینگلیزیـەکـە . ئەم زیادکردنە لە دانیشتنی بەشی دانیمارکی شەبەکەی ئەورووپایی بێکاراندا خرایە روو وەپەسەندکراو دەستەی نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی سەراسـەری شوراکانی پەنابەرە ئێرانی یەکانیش دەنگی بودا .

* لەبلاوکراوەکانی فیدراسیۆنی سەراسەری شوراکانی پەنابەرە ئێرانی کان کانوونی دووەم ١٩٩١ .

* نزار عبد اللە لە گۆڤاری ( همبستگی ) ژمارە ( ٢٤ ) وە وەری گێڕاوەتە سـەر زمانی کوردی .

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رەوتی کۆمۆنیست / ئازار / ١٩٩٢